## ٢١ ـ دزیی بیستانو ڕەزو نیسکو نوک

لە بەهارو هاوینا کە نیسکو نوک دان ئەگرن ، ڕەزو بیستانەکان بەر ئەگرن . منداڵ هەر ئارەزووی خواردنی ئەم شتانە بە جۆریکی وا ئەکەن کە مەترسی لە کەڵا هەبێ . بە تایبەتی ئەو منداڵانەی نیسکو نۆکیان نەچاندبێ ، یا ڕەزو بیستانیان نەبیت .

بە ڕۆژ بە ناو کەندو جۆمەکانا بەرەو بیستانەکان ئەچن کە بزانن خاوەنەکانیان ئاگادار نینە . بۆ خواردنی گندۆرەو تەرۆزیو کالیارو شەمامە ، هەتا دڵیان لە سەربێ ئەیان خۆن .

ئەمجا بەڕۆك‌و باخەڵەکانیان پڕ ئەکەن‌و بە لایێکی‌ترا بۆ ئاوایی ئەگەڕێنەوە ، یا بۆ دزینی نیسك‌و نۆك بو ناو دەخڵەکان ئەچن باخەڵ‌و بن هەنگڵیان پڕ ئەکەن‌و ئەگەڕێنەوە بو ئاوایی بەبێ ئەوەی خاوەنەکەی هەست پێ بکا ، چەنکو خاوەن شینایی نیەلەچاویکی هەر لای شینابیەکەیەتی ، وەیا بو دزینیبەری رەزەکان لە سەر تانوکەکانا ئاوا ئەبن‌و ئەچنە ناویەوەو بە دارەکانا هەڵ ئەگەڕێن تا تیرو پڕ لە بەرەکانیا ئەخۆن ، لە پاشا باخەڵ‌و بەرکەکانیان پڕ ئەکەن لە میوەو لە دەرەوە ئەیان خۆن‌و سوقی منداڵەکانی تری پیوە ئەکەنەوە ، زۆر جاریش بە شەو بۆ ئەم دزیانە ئەچن چەنکو خاوەنەکانیان دڵنیان‌و چاوە دیریان ناکەن منداڵەکان بە هەوەستی خۆیان لە ناو ئەگەڕێن . خواردنی بەم جۆرەیان گەلێك لا خۆشترە لەوەی کە لە ماڵەوە بویان دابنێن‌و بیان دەنێ .